# بلۆکبارانکردنی دوعا
## سێکوچکەی (داب و دین و دەسەڵات)

– پایزە ئەحمەد–

لەو کاتەی چاوت هەڵێنا دوعا گیان
نەت دەزانی بوونی تۆ تاوانە،
خۆشەویستی حەرامە لە کۆمەڵگای ئێمە ؟
خۆ تۆ شتێکی ناشایستەت نەکرد
تەنها ویستت ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆت بنیات بنێی ..
ویستت حەز و ئارەزووەکانت بێنیتە دی
خۆت خاوەنی خۆت بی و
چیتر مافەکانت پێشێل نەکرێن.. کەچی بەردباران کرای .
دوعا گیان مەرگی تۆ کارەساتە.. مەرگی تۆ دڵ تەزێنە .
مەرگی تۆ هەزاران ژن ڕادەپەڕێنێ .
دوعا گیان لەو کاتەی کەتۆ دیل بووی بە دەست دڕندەکان ..
دەسەڵات لەکوێ بوو !؟
دوعا گیان خۆ تۆ بێ ئاگا..تازە پێدەگەیشتی..فەریکە کچ بووی، بەڵام کوا ماف کوا ویژدان !؟
کۆمەڵگای ئیمە چەند ئازایە ! تواناى خۆی بە نواندنی دڕندەیی دەردەخا - بلۆکبارانکردن ! -
کێ هەیە گومان لە پاکیی حەزەکانی تۆ و بکا و نەزانێ ئەوان چەند پیس و پووچن .
هەموو دەزانین کە تۆ چەند پاک و بێگەرد بووی ..
کەچی ئەو کۆمەڵە پیاوسالارە نامرۆڤانە
پێیان وایە بە شەهیدکردنی تۆ ئابڕووی خۆیان پاککردەوە ..
پێیان وایە ویژدانی خۆیان پاککردەوە .
دوعا گیان تۆ ڕۆیشتی گیانی خۆت سپارد
بەڵام ناوت هەرگیز نابڕێتەوە و هەزاران ژن دەهەژێنێ.
دوعا گیان لەژێر سایەی دین و دەسەڵات
هەر ئەمەیە خۆشترین ڕۆژگاری ئێمە و دوا چارەنووسمان .
دوعای دڵ و گیان
لە کۆتایی دەبێژم
خەمت نەبێ .. تێکڕای جیهان تێدەگەینم :
هەڵوەراندنی تۆ هەر تەنیا هەڵوەرینی ئەڤین نییە
بەڵکە
ئاکار و هەڵسوکەوتی
دابونەریت و یەکبەیەکی دینەکان و دەسەڵاتە نەزۆکەکەی کوردیشە.